# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی رێکخراوی یەکیّتی فیدائیانی کۆمۆنیست

ژمارەی 60 بەفرانباری ۱۳۹۰ Befranbar


## تسلیت

با کمال تاسف خبردار شدیم که پدر رفیقمان بهرنگ ( مختوم ) درگذشته است .

ما اعضای تحریریه ریگای گه ل این مصیبت را به وی و بستگانش در داخل و خارج ایران تسلیت میگوئیم و خود را در فقدان این عزیز غمبار میبینم . یادش گرامی باد !

## لەم ژمارەیەدا ......


وەزعی نیشتە جیّبوون و بیّ خانوویی کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکێش لاپەرەی ۲

پێداچوونەوەیێك بە سەر خەباتی گەلی کورد لاپەرەی ۳

سالّی رابردوو و سالێك کە لە پیّش دایە ! لاپەرەی ۷

مارکسیزم و چەمکی نەتەوەیی لاپەرەی ۱۰

بە بۆنەی یەکەمی ژانویە سالوەگەری شۆرشی کوبا ! لاپەرەی ۱۴


## بمناسبت آغازسال جدید میلادی

درسال 2011 بحران اقتصادی وسیاسی ارکان نظام سرمایه داری را به لرزه درآورد و جنبش های اجتماعی با اعتراضات ، اعتصابات ، تظاهرات و قیام های متعدد خود کشورهای اروپا ، آمریکا و خاورمیانه را دربرگرفت .

برغم سقوط دولتها درچند کشور اروپائی و نیز سقوط دیکتاتور ها در برخی از کشورهای خاورمیانه و شاخ آفریقا ، اما بحرانهای اقتصادی واجتماعی و سیاسی بدون اینکه راه حلی یافته باشند وارد سال 2012 میشوند.ازطرفی جنبش های اجتماعی آزادیخواهانه وبرابری طلبانه نیز که درسال 2011 بطور بی سابقه ای آتش زیر پای قدرت های مسلط راداغ کرده و بردروازه های نظم حاکم درکشورهای مزبور کوبیدند، اما درفقدان تشکل و تحزب لازم و با دخالت نظامی و سیاسی امپریالیستها درمسیر خود با فریب و سرکوب مواجه شده و همچنان درپی مطالبات و خواستهای خود به مقاومت و مبارزه ادامه میدهند.

بنابراین ، سال 2012 نیز پذیرای تداوم این جنبشهای اجتماعی برعلیه ستم و استثمار وزور وسرکوب نظامهای سرمایه داری حاکم دررنگ ولون آن خواهد بود.

آرزو میکنیم سال جدید میلادی برای کارگران و زحمتکشان جهان ، سال بیداری ، آگاهی و سازمانیابی بمنظور مبارزه ای مشترک ومتحد علیه نظامات استثمارگرانه وسرکوبگرانه حاکم باشد.

**سال نو برهمه شما مبارک باد!**

سازمان اتحادفدائیان کمونیست

29دسامبر 2012

## بروخیّ ریّژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزریّ کۆماری فیدراتیوی شووراییی !



# وەزعی نیشتە جێبوون و بێ خانوویی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش

**بوونی خانووی باش مافی هەر مرۆڤێکە. ئامانجی خێرای کۆماری شوورایی، دابین کردنی خانووی باش، پێشکەوتوو و لەگەڵ هەموو پیداویستیەکانی بۆ هەموو هاووڵاتیانە، وبەلابردنی دەسەلاتی سەرمایەدارەکان، ئەوانەی کە کەرەستەکان دەشارنەوە و دەلاڵەکانی خانوو بەرە ، ئیمکانی بەدەست هینانی خانووی باش بۆ هەموو هاووڵاتیان، دابین دەکرێت.**

چینی کرێکاری ئێران و هەموو کومەلانی زەحمەتکێش ڕووبەرووی خراپترین بارودۆخی مادی و بژێون و دەتوانین بلین کە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران لە دابین کردنی لانی کەمی بژێوی خۆیان بێ بەشن . ئەمە لە حالێکدایە کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی جەژنی یەک ساڵەی لابردنی یارانەکان یا بە وتەی خۆیان « ئەمانجدار کردنی یارانەکان » بەرێوە دەبەن , کە گوشاری کەمری شکێنی خستووتە سەر کۆمەلانی خەلک بە تایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان و لە ژێر گوشاری چەوسانەوە , تالان , هەژاری و نەداری درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن و لە ناو ئەم هەموو موشکلەیە , موشکلی نیشتە جێ بوون و بێ خانوویی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەو گرفتانەیە کە وەک هەموو موشکلەکان و گرفتەکانی کۆمەلانی خەلک لە ئێران کۆماری ئیسلامی دا زیاد بووتەوە . ملیونها کرێکار و زەحمەتکێش لە لانی کەمی نیشتەجێ بوون و خانوو بێ بەشن و لە خراپترین هەلو مەرجدا لە شوێنەکانی کەلاوە کە بە هەموو شتێک دەچێ جگە لە خانوو , ژیان بە سەر دەبەن . بە زیاد بوونی حەشیمەت , گرانی , هەژاری و ... ماڵ ویرانتر بوونی زەحمەتکێشان , ئالونەک و حەلەبی ئاباد و خەیوەت و کەپرەکان پەرە دەستێنن . ئالونەکانی دروست کراو لە تەنەکە و مقەوا و نایلۆن , ماڵەکانی تەسک و بچووکێک کە لە لانی کەمی ئیمکاناتی ریفاهی بێ بەشن , ژوورەکانی تاریک و سارد و سر کە بە هۆی بارانێکی بەهاری سەقفەکانیان دەرووخێ , کەپر و حەلەبی ئابادەکان شوێنی نیشتەجێ بوون و خانووی زەحمەتکێشانێکە کە کاری تاقەت پرۆکێن هەموو هێز و توانا و ژیانی ئەوان دەتەونێتەوە , قازانجی کاری ئەوان سەرمایەدارانی زالو سیفەت دەوڵەمەندتر دەکات و لە بەرهەمی کار و کۆششی کرێکاران و زەحمەتکێشان سروەت و سەرمایەی خۆیان زیادتر دەکەن , کوشکەکانی ڕازاوە و خەیالی , ئاپارتمانەکانی نیشتەجێ بوونی گران قیمەت و بیناکانی گەورە و بەرز دروست دەکەن .سەرمایەداران و دەوڵەتی ئەوان زەوی و سەنعەتی بیناسازیشان کردووتە گۆرەپانی بورس بازی و سەرچاوەی داهاتی پڕ لە سوودی خۆیان , نرخی زەوی و بینا بە شێوەیکی سەر سوور هێنەر دەبەنە سەرەوە , هەر بۆیە دابین کردنی خانووی باش و گونجاو بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نامومکین دەبێ .سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی حەشیمەتی بێ خانووی زیاد کردووە , ئێستا کە هەزاران کرێکاری دەرکراو و ئەرتشی چەند ملیونی بێکاران ڕێگایێک بۆ بژێوی خۆیان نیە و ناتوانن بۆ خۆیان خانوو دابین بکەن . سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی ڕژیم لە زۆر بواردا وەک کشتوکاڵ لە ڕابردوو تاکو ئێستا ژمارەیکی زۆر لە جووتیارانی هەژاری لە لادێکان بەرەو قەراخی شارەکان ڕاکیشاوە . بەشێکی گەورە لە زەحمەتکێشانی دەرکراو لە لادێکان , بە دوای پەیدا کردنی کار و خانوو دێنە قەراخی شارەکان . لە ئاوا هەلو مەرجێکدایە کە کەم بوون و گرانی خانوو و پیداویستیەکانی ژیان بووەتە هۆی ئەوەی کە بنەماڵەکان بە بێ خانوو و شوێنی نیشتە جێبوون بمێننەوە و لە ناو زاغەکان ژیان بە سەر ببەن کە زۆرتر وەک زبڵدان تا شوینی نیشتە جێبوون . گرفتی خانوو هەرواکە پێکهاتی حەشیمەتی بێ خانوو نیشانی دەدا و نە تەنیا گرفتی چینی کرێکار بەڵکو گرفتی هەموو تویژ و چینەکانی زەحمەتکێشی کۆمەڵگایە . گرفتی خانوو , گرفتی کۆمەلێکی گەورەی کرێکاران و زەحمەتکێشانە کە چەرخەکانی ئابووری لە سەر شانی ئەوان دەسووڕێ , بەلام هیچ ئیستفادەی لە قازانجی کاری خۆیان نابەن . لە بەرانبەر دا سەرمایەداران سروەت و سەرمایەی زیاتر دەستیان دەکەوێ و هەر ڕۆژ هەزینەکانی قورسی بۆ دروست کردنی بینا و ئیمارەکان تەرخان دەکەن کە شوینی جێگر بوونی هێزەکانی سەرکوتگەر و ئۆرگانەکانی بوروکراتیکە . گرفتی خانوو نە گرفتی کەمبوونی خانوو , بەڵکو گرفتی نەبوونی دابەشکردنی عادلانەی ئەوە .

چارەسەری مەسەڵەی خانوو لە گیرەوی دابەشکردنی عادلانەی خانووەکان و پلان دانان بۆ پێکهاتی ئەو خانووانەیە کە دەدرێتە کرێکاران و زەحمەتکێشان. چارەسەری یەکلایەنەی مەسەڵەی خانوو بەشێوەیکی حەتمی بە لە ناو چوونی چەوسانەوە و سەرکوت , بە لە ناو چوونی سیستەمی سەرمایەداری پەیوەندیی هەیە . نە رژیمی کۆماری ئیسلامی و نە هیچ رژیمێکی دواکەوتووی تر کە لایەنگری قازانجەکانی سەرمایەداران بیچت ناتوانێ مەسەڵەی خانوو چارەسەر بکات . چارە سەری گرفتی خانوو وەک هەموو گرفتەکانی سەر چاوە گرتوو لە سیستەمی سەرمایەداری , داهێنانی خەڵکی پیویست دەکات . تەنها دەوڵەتێک دەتوانێ بۆ چارەسەری گرفتی خانووی کرێکاران و زەحمەتکێشان هەنگاو هەڵبگرێ کە لە جەرگەی کۆمەڵانی خەڵک هەستا بێت و پشت ئەستوور بێت بە ئیرادەی شۆرشگێرانەی ئەوان . دەوڵەتێک کە وەک یەکەم کردەوەی دا و خانووەکان , ئاپارتمانەکان و هەموو بیناکانی سەرمایەداران و هەروەها هوتیلەکان و بیناکانی زیادی دەوڵەتی بداتە کرێکاران و زەحمەتکێشان. دەوڵەتێک کە زەوی و سەنعەتی بیناسازی لە بازنەی بورس و بە دەس هێنانی سوودەکانی گەورە بۆ سەرمایەداران دەربێنێ و بە پلان دانانی دروست کردنی خانوو بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ چارە سەری گرفتی خانووی کۆمەڵانی زەحمەتکێش تێ بکۆشێ . مادام کە رژیمی سەدەکانی ناوەراست و نەزانی و جنایەتی کۆماری ئیسلامی حاکیم بێت گرفتی خانوو نە تەنیا چارەسەر ناکرێ بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ قوولتر دەبێتەوە و بێ خانووی پەرە دەستێنێ .



# پێداچوونەوەیێک بە سەر خەباتی گەلی کورد
( 2 )

هەروا کە لە ژمارەی پێشوودا وتمان , بە دوای شەری دووهەمی کوردستان , حیزبی دیموکرات و ئەکسەریەت پروپاگەندی بەربلاویان بە دژی هەموو هێزەکانی شۆرشگێر لە کوردستان دەستیان پێ کرد . ئەکسەریت ئەم هێزانەی بە « چەپ رەوەکانی خائین » ناوبرد و حیزبی دیموکرات ئەوانەی بە دەسپێشخەری شەری سنە ناساند و بە ئەوانی دەوت شەرخواز و ئاژاوەگێر . لە هەلو مەرجێک کە گەلی کورد خوازیاری یەکگرتنی کردەوەی رێکخراوەکانی سیاسی بوو , دووبەرەکی و دژایەتی لە نێوان ئەم رێکخراوانە گەیشتە بەرزترین ئاستی خوێ . هەروا کە چاوەروان دەکرا , کۆماری ئیسلامی لە دەورەی وت و وێژی ئاشتی لە گەڵ حیزبی دیموکرات و ئەکسەریت ئیستفادەی کرد تا بە نوژەن کردنی هێزەکانی خۆی و پلانی هێرشی سەر لە نوێ بە سەر شارەکانی تری کوردستان , زەمینەکانی لاواز کردنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد برەخسێنێ . بومباران کردنی شارەکانی کوردستان لە لایەن فرۆکە شەرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیکی زۆر لە خەڵکی زەحمەتکێش و بێ دیفاعی گەلی کورد , ریکخراوەکانی سیاسی ی مەجبوور کرد تاکو بۆ بەرگری کردن لەم کوشتارە , زۆربەی شارەکان بە جێ بهێلین . بە دوای داگیر کردنی مەهاباد دەفتەرەکانی سیاسی هەموو رێکخراوەکانی سیاسی گواسترایەوە بۆ شاری بوکان . لە بوکان دا ئەگەرچی زەمینەی گونجاو بۆ پێکهاتن و چالاکی شووورای شار رەخسا , بەلام هیچ کام لە رێکخراوەکانی سیاسی بانگەوازێک بۆ دامەزراندنی ئاوا شوورانەیان نە دەکرد . لە بوکان دا , لە هەر کاتێکی جیاواز دا هەر هێزێک کە توانای زۆرتری هەبوو , یاسا دانەر و بەرێوەبەری کار و بارەکان بوو . ئەمنیەتی شار , بەشی دادوەری و وەرگرتنی مالیاتەکانی بازار لە دەستی حیزبی دیموکرات و بەرێوەبەری نەخۆشخانەی شار لە دەستی کۆمەڵە بوو . لە سەرەتای بەهاری ساڵی 60 دا یەکەم شەری ژەکدارانە لە نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات اە ناوچەی مەهاباد دەستی پێکرد . لە هاوینی ئەو ساڵە دا ئەم شەر و پێکدادانانە بە توندی زیاتر لە ناوچەی کامیاران دووپات کرایەوە . رژیمی کۆماری ئیسلامی بەکەڵک وەرگرتن لە شەری نێوان ئەم دوو هێزە , بە دوای هێرشی سەرانسەری خۆی بۆ سەر رێکخراوەکانی سیاسی , سەیاد شیرازی بەکرێگیراوی کردە فەرماندەی گشتی عەمەلیاتی کە پێ دەوت پاککردنەوەی ناوچەکە و پاشان تێ کۆشا تاکو هاوکاری هەموو بەکرێگیراوان و هێزەکانی دژی شۆرش ناوچەکە وەک ئەکسەریەت بە دەس بهێنێ و لە جەریانی هێرشێکی هەموو لایەنە دا هێندی تر لە ناوچەکانی تر لە دەستی هێزەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد دربهینێ . لە باکووری کوردستان لەشکری 64 ی ئورمیە بەهاوکاری سوپای

پاسداران و بەسیج و پارمەتی هەموو لایەنەی حیزبی توودە و ئەکسەریەت و تاقمی 7 کەسی بەرێبەری غەنی بلوریان ، توانیان ناوژەکانی گرینگ داگیر بکەن . ئەم هێرشانە دا جەریانی بەکرێگیراوی قیادەی موەقەت بە هۆی ئاشنا بوون بە ناوچەکانی سرۆ ، تەرگەوەر و مەرگەوە رو و ئوشنەویە ، رۆڵی گریچنگی بینی . لە ناوەندی کوردستان رژیم لە جەریانی هێرشێچکی بەربلاو لە چەندین مەحوەرەوە بۆ سەر شاری بوکان توانی ئەم شارە داگیر بکات . ئەگەر چی پاش ئەم هێرشانە گوندەکان و جادەکانی کوردستان هەروا لە دەستی پێشمەرگە دا بوو ، بەڵام رژیمی کۆماری ئیسلامی توانی بوو زەبری قورسی لە بزووتنەوەی موقاوەمەتی گەلی کورد بوەشێنێ . سەرکەوتنەکانی نیزامی رژیمی دژی شۆرش بە بێ هاوکاری قیادەی موەقەت و جەریاناتی ئوپورتۆنیست - ریفۆرمیست نامومکین بوو . قیادە موەقەت یان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ، جەریانی بەکرێگیراو کە لە و کاتە دا لە لایەن ئیدریس و مەسعوود بارزانی ( کورەکانی مەلا مستەفا بارزانی ) کە خزمەتی دواکەوتویی ناوچەکە بە ئەرکی ئەساسی خۆیان دەزانی رێبەری دەکرا . ئەم جەریانە و هاوپیمانانی وەک حیزبی سوسیالیستی کوردستانی عێراق بە رێبەری مەحەمەد حاجی مەحموود بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی مادی و نیزامی دەوڵەتەکانی دواکەوتووی ئێران و سوریە ، گرینگترین هاوپیمانی کۆماری ئسلامی دەژمێردرا . لەو کاتە دا هەروەها ، جەریاناتی وەک تاقمی 7 کەسی جیابوو لە حیزبی دیموکرات بە رێبەری غەنی بلوریان ، هاوپمان لە گەڵ حیزبی توودە و ئەکسەریت بە پێ خەت و مەشی حیزبی توودە لە گەڵ رژیم دا هاوپەیمان بوون .حیزبی توودە کە لە مێژ بوو تەرحێک تەسلیمی رژیم کردە بوو ، چاوەرێ ئەوە بوو تا باڵەکانی « واقع بینی » حاکمیەت بە قبووڵی ئەم تەرحە « دژی شۆرش » لە ناوچە کە ئیزۆلە بکەن کە بۆ سەرکوتی هێزەکانی شۆرشگێر لە گوندی ( ژادانە ) ی دەوروبەری ئورمیە بە بەشداری نوێنەرانی رژیم ، قیادەی موقەت و حیزبی توودە ، ئەکسەریەت و غەنی بلوریان بەسترا ، ئاکامی وت و وێژەکانی رژیم لە گەڵ ئەم هێزانە بوو . بە دوای ئەم یەکگرتنە دا رژیم توانی جادەی باشووری سنە - مریوان ، ناوچەکانی لە کامیاران و شاری بوکان داگیر بکات . لە درێژەی ئەم هێرشانە دا لە هاوینی ساڵی 61 دا ، رژیم هێرشی بەبلاوی خۆی بۆ سەر ناوچەکانی ئازاد کراوی کوردستان دەس پێکرد . بە دوای هێرشی هەموو لایەنەی سوپای پاسداران و ئەرتش ، پێکهاتوو لە ستادی حەمزە ، رژیم توانی بەشێک لە ناوچەکانی ئازاد کراو داگیر بکات . بەم حاڵەیش دا لە جەریانی یەکەمین ساڵی چالاکی ستادی حەمزە ، هێزەکانی شۆرشگێر بە دیفاعی قارەمانانە لە گوندەکان ، جادەکان و چیاکانی کوردستان تا ئەو جیێگایە کە لە توانایان بوو لە بەرانبەر چەکەکانی قورسی رژیم و بومبارانەکانی ئاسمانی موقاوەمەتیان کرد .لەم دەورەیەدا هێزەکانی شۆرشگێری بزووتنەوەی گەلی کورد بە گەمارۆی پایگاکانی نیزامی کە رژیم پاش هەر سەرکەوتنێک دایان دەمەزراند ، ڕێگای گەیشتنی خوراک و چەک و چولیان بەم ناوچە دەبەست و بە هێرشەکانی یەک بە دوای یەکی خۆیان مەوقەعیەتی نیزامی ئاوا پایگانەیان لاواز دەکرد .بەم شێوەیە رژیم سەرەرای پێشرەوی لە ناوچەکانی ئازاد کراو و داگیر کردنیان ، نەیتوانی مەقعیەتی نیزامی خۆی قایم بکات . پاش دابەزینی رێژەیی شەرەکان لە زستانی ساڵی 61 ، و لە بەهاری ساڵی 62 رژیم هێرشی بەربلاو و هەموو لایەنەی تری دەسپێکرد . ئەم جارەیان رژیم بە ئەزموون وەگرتن لە تەجرووبەکانی دژی شۆرشی خۆی تەنها خەریکی سیاسەتی سەکوت و گەمارۆدان نەبوو ، بەڵکو بە تاکتیکی دامەزراندنی پایگا و سەنگەرەکان تێدەکۆشی مەوقەعیەتی خۆی لە ناوچەکانی داگیر کراو قایم بکات . بەم شیچوەیە ئەرتش و سوپای پاسداران توانیان بەشێوەیکی بەدەوام و رێکخراو ناوچەکانی ئازاد کراوی کوردستان داگیر بکەن . لەم شەرانە دا رژیم لە چەندین جبهە هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ئالانی سەردەشت و زۆربەی موحوەرەکانی ئەسلی بە چەکی قورس ، هلیکوپتر و هێرشی ئینسانی ، داگیر کرد .پێشمەرگەکانی قارەمان سەرەرای نەبوونی ناوەندێکی یەکدەستی فەرماندەیی و نەبوونی هاوئاهەنگی پیویست کە شتێکی پیویست لە شەرێکی جبهەئیە ، توانیان زەبری کوشندە لە بەکرێگیراوانی رژیم بوەشێنن . لەم رێکەوتە بە دواوە ناوچەکانی ئازاد کراو کەمتر و کەمتر دەبوون . لە زۆربەی ناوژەکان جگە لە بەشێک لە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران و عێراق و باکووری کوردستان و ناوچەی هەورامان ، شەری پێشمەرگەکان بەشێوەیکی گشتی پارتیزانی دەکرا و تاکو ئەمرۆیش درێژەی هەیە . شەری گەریلایی هێزەکانی پێشمەرگە لەو کاتە دا دەتوانین بە 4 گروپ دابەش بکەین . 1- هێرش بۆ سەر پایگاکانی رژیم ، 2- چوونەوە بۆ ناوشارەکان ، 3-

کەمین و کونترولی جادەکان ، 4 – مین دانان لە سەر ڕێگای هاتووچۆوی هێزەکانی ڕژیم .لە یەکەمین ڕۆژەکانی شەر لە شارەکانی کوردستان کاتێک ژنان و پیاوانی کورد بە مانگرتن و ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ لە بەرانبەر هێزەکانی نیزامی ڕژیم نەیاندەهێشت ئەوان بێنە ناو شارەکان تاکو ئەمڕۆ کە گەریلاکانی جەنگاوەری کورد هێرشی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانیان لە ناو چیاکانی سەخت و دژوار بەر پەرچ دەدەنەوە و مەجبووریان بە پاشەکشە دەکەن ، زەحمەتکێشانی گەلی کورد ڕۆڵی گرێنگ لە بەردەوامی خەبات گێراون , لە کاتی جێگیر بوونی پێشمەرگەکان لە گوندەکانی کوردستان , گوندنشینان بە دابین کردنی خانوو , خوراک و دانی زانیاری ورد و دەقیق لە مەوقەعیەتی ڕژیم لە ناو پایگاکانی نیزامی و بە پشتیوانی حەشاردانەوەی پێشمەرگەکان پێش و پاش لە عەمەلیات , ڕۆڵی گرێنگ لە سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی موقاومەتی گەلی کوردیان هەبووە .سەرە ڕای ئەوەی کە ئەم هاوریەتیە و هاندانەی گوندنشینان و خوشەویستی ئەوان بە نیسبەت گەریلا ، تەعسیری یەکجار زۆری هەیە لە سەر وەری جەنگاوەری گەریلاکانی بزووتنەوەی موقاومەتی گەلی کورد . هەر بۆیە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی سوورە لە سەر ئەوەی کە گوندنشینان چکدار بکات و گوشار بخاتە سەر بنەماڵەی گەریلاکان . و هەروەها دووبەرکی بخاتە ناو ڕیزەکانی جووتیاران و موقاومەتی ئەوان لاواز بکات . ئەگەر چی شکستی ئەم سیاسەتە دواکەوتووانەیە نیشانەی ئیرادەی بەرزی زەحمەتکێشانی کوردە . بەڵام لە ڕابردوو و ئێستایش هەڵەکانی هێزەکانی سیاسی لە بەرخورد لە گەڵ زەحمەتکێشان و بەتایبەت شەرەکانی چەندین ساڵەی حیزب دیموکرات و کۆمەڵە و بێ کردەوەیی ئێستای ئەوان و زەوی گیر بوونی ئەوان بووەتە هۆی دڵ ساردی و لاواز بوونی وەری زەحمەتکێشانی کورد و بنەماڵە ی پێشمەرگەکان . لە مەودای چەند ساڵی ڕابردوو دا , حیزبی دیموکرات بەکردەوە و بە تەسلیم بوون لە بەرانبەر هەلومەرجی مەوجود , سیاسەتی بە دوادا چوونی لە کۆمەڵانی خەڵکی لە پێش گرتووە و ڕۆڵی ئەوتوی نیە لە بەرز کردنی ئاستی تێگەیشتن و فەرهەنگی گەلی کورد . لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵەیش بە پەیرەو کردنی سیاسەتی خەبات بە دژی پوپولیسم و بە پشت گوێ خستنی داب و نەریتەکانی گوندنشینان و لە هێندێک جاریش سووکایەتی کردن بە ئەوان بەڵاری چوونی زۆر بووە . حیزبی دیموکرات کە لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش لە ڕاپەرین بە تەبلیغی سازشکاری دەستی پێکرد بوو هەموو کات تێکوشاوە تا بە بە تووند بوونی خەباتی چینایەتی بگرێ و بە گەورە کردنی مەسەلەی میللی و بە دواخستنی چارەسەری (( ناکۆکیەکانی ناوخۆیی )) ( یان بە واتایکی تر خەباتی چینایەتی ) بۆ دەورانی خۆدمختاری ، ترس و دڵەراوکی خۆی لە دیاری بوونی ڕیزبەندیەکانی چینایەتی لە کوردستان نیشان داوە و بە تێگەیشتن لە وەزعی پاشکەوتوویی کوردستان , بە پێ قازانجی چینایەتی خۆی سیاسەتی تەسلیم لە بەرانبەر وەزعی مەوجود و پەرەپێدانی ناسیونالیزمی بورژوایی وەک تەنها سیاسەتی (( بەکردەوە )) هەڵبژاردوە . هەر ئەو تەعکید کردن لە سەر (( بەکردەوە )) بوونی سیاسەتی تەسلیم لە بەرانبەر وەزعی مەوجود حیزبی لە هەر کاتێک لایەنگری سیستەمی حاکیم و ئالاهەڵگری سازش لە گەڵ بورژوازی فارس کردەوە . بێ دەنگ بوونی حیزبی دیموکرات لە بەرانبەر پەیوەندی فەرهەنگی – کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتی زاڵ بە سەر گوندەکانی کوردستان , پاساو کردنی خورافەکانی گوندنشینان شتێک جگە لە قبوول کردنی موقعەیەتی موجود نیە . حیزبی دیموکرات ئیدیعا دەکات کە گەلی کورد , تێگەیشتنی بەو ئاستە نیە کە ستەمی چینایەتی , ستەمی جینسی دەرک بکات تا لەم ڕێگایە زەمینەکانی تەبلیغی تەنها (( ڕێگای چارەسەری بەکردەوە )) واتە یەکگرتنی (( هێزەکانی نیشتمان پەروەر )) لە حیزبی تووەدە تاکو لایەنگری سەڵتەنەت و هێزەکانی تری دواکەوتوو خۆش بکات و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد بکاتە ئامرازی سیاسەتەکانی سازشکارانەی خۆی . لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵەیش , لە سەرەتای چالاکی خۆی بە بێ دەرکی دەرکی دروست لە توانای چینایەتی – مێژوویی بزووتنەوەی گەلی کورد کۆشاوە تاکو ڕاستیەکانی مەوجود لە کوردستان بەشێوەیکی میکانیکی لە مەسیری تەمایولات و ئارزووەکانی بەرزەفری خۆی بگرێ . کۆمەڵە ئەوکاتەی کە تووشی پراگماتیزم بوو , ڕێکخستنی تێگەێنەرانەی کۆمەڵانی زەحمەتکێش بۆ داخوازیەکانی دیموکراتیک , وەک مەسەڵەی ئەرزی بە بەشداری لە چالاکی ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵک ئەویش بەشێوەیکی ناشیانە بە هەڵە گرتبوو و بە پاچ و پێمەرە چوونە ناو زەوی و زارەکان . ئەو کاتەی کە کۆمەڵە ناوی حیزبی ((کۆمۆنیست )) ی لە سەر خۆ دانا , ئەرکی ڕێکخستنی لاوانی ناسیونالیستی کورد وەک کۆمۆنیستەکانی ئەسیل جێ نشینی ڕێکخستنی بەربلاوترین توێژەکانی زەحمەتکێشی گەلی

کورد کرد و بەشێوێکی میکانیکی و بە تەواوی هەموو پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی , داب و نەریتی گوندنشینانی رەت کردەوە . بە کورتی دا و دو رێکخراوی سەرەکی ناوچەیی بە سیاسەتی بەدواداچوونی رووداوەکان , گرێنگی نە دان بە مەسەلەکانی ریفاهی – فەرهەنگی گوندنشیان , لاوازی و بێ هێزی لە رێبەری شۆرشگێرانە و پەرەپێدانی داخوازیەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد نەیانتوانی لە مەوقعیەتی لەبارێک کە لە ناوچەکانی ئازاد کراوی کوردستان رەخسا بوو کەڵک وەر بگرن و بە بەسیجی زەحمەتکێشان و گوندنشینانی گەلی کورد دەستی دژی شۆرش بۆ هەمیشە لەم ناوچانە کورت بکەنەوە . بەڵام ئەوەی کە زۆرتر لە هەر مەسەلێکی تر بووە هۆی پەرەساندنی دڵ ساردی , جەوی متمانە نەکردن و گەرایشاتی بێکردەوەیی لە نێوان پێشمەرگەکان و گوندنشینانی گەلی کورد , شەرەکانی چەکدارانی حیزب و کۆمەڵە لە رابردوو و بێ کردەوەیی و ژیانی ئاوارەیی ئێستای ئەوانە . روونە کە شەرەکانی ئەوان لە خەزەڵوەری ساڵی 63 لە هەورامان دەستی پێکرد , ئاکامی جنایەتکانێک بوو کە لە لایەن حیزبی دیموکرات ئەنجام درابوو , بەڵام ریشەی ئەم شەرە جنایتکارانەیە ئیدیعاکانی پووچ و بێ مانایێک بوو کە هەم حیزب و هەم کۆمەڵەیش پەرەیان پێ دەدا. حاکمیەتی حیزب یان کۆمەڵە ! سەرە رای ئیدیعاکانی کۆمەڵە , ناکۆکیەکان کە تا ئاستی قسە و باس لە سەر شێوەی دابەش کردنی گومرگ و مالیات لە قاچاقەکان دابەزی , ناتوانێ پەیوەندی بە خەباتی بورژوازی و پرولتیاریای کوردستان هەبوو بێت . ئەم شەرانە کە بەشێکی گەورە لە هێز و توانای پێشمەرگەکانی ئەم دوو رێکخراوەی بە خۆوە خەریک کرد , دەرفەتی باش و گونجاوی بۆ رژیمی کۆماری ئیسلامی رەخساند تاکو پەرە بە هێرشەکانی خۆی بدات . سەرکوتی گوندنشینانی بێ دیفاعی ئەم ناوچەیە توونددتر کرد , لەم پەیوەندیە دا و بە دوای هێرشی رژیم بۆ سەر گوندەکان بشکێنین و ئاگر تێ بەردانی ماڵەکان و بەرپا کردنی حکومەتی نیزامی , ژمارێکی زۆر لە گوندنشینان دەسگیر کران . بەڵام زەحمەتکێشانی کورد بە دەربرینی نارەزایی بەربلاوی خۆیان لە بەرانبەر سیاسەتەکانی رژیم بۆ چەکدار کردنی زۆرە ملی گوندنشینان و سەر باز گیری زۆرەملی موقاومەتیان کرد . لە ئاوا هەلو مەرجێک دابوو کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بە سوئیستفادە , لە مەسەلەی شەری ناوخۆیی گەلی کورد و ئاکامی حەتمی ئەو واتە لاواز بوونی موقاومەتی رێک خراو لە کوردستان , دەرفەتی باشی بۆ رەخسا تا بە دوای وت و وێژ لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستانی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەلومەرجی سازش لە گەڵ ئەم هێزانە فەراهەم بکات. بە دوای شکستی وت و وێژەکانی ئاشتی لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رژیمی عێراق لە ساڵی 64 دا , ئەم جەریانە کەوتە بیری نوێ کردنەوەی پەیوەندی دۆستانەی خۆی لە گەڵ رژیمەکانی دواکەوتووی ئێران و سوریە و لە جەریانی وت و وێژەکانی تاران زەمینەکانی هاوکاری هەرچی زیاتر لە گەڵ سوپای پاسداران و هێزەکانی قیادەی موەقەت فەراهەم کرا . ئەرکێک لە قیادەی موەقەت لە ساڵی 1360 دا دەستی پێ کردە بوو , یەکێتی نیشتمانی درێژەی پێ دا . بە دوای هەلویست وەرگرتنی « بێ لایەنەی » یەکێتی نیشتمانی لە جەریانی رووداوی 4ی رێبەندان , ئەم جەریانە بە جێگا و رێگا دانی پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناو مەقەرەکانی خۆی و پشتیوانی لە ئەوان , بە ئاشکرا کردنی یەکگرتنی خۆی لە گەڵ هێندێک لە هێزەکانی سەر بە قیادەی موەقەت وەک حیزبی سوسیالیستی کوردستان و پاشان درکاندنییەکگرتن لە گەڵ قیادەی موەقەت واتە دوژمانی سویندخواردوی کوردستانی شۆرشگێر , زەمینەکانی رێزبەندیەکانی نوێ یان لە ناوچەکە بنیات نا .ئێستا کە دەورەێکی نوێ لە موقاومەتی شۆرشگێرانەی گەلی کورد دەستی پێکردووە و گەریلاکانی جەنگاوەری کوردستان ئاڵای ئەویان بە پانایی هەموو سنوورەکانی کوردستان لە ماکو وە بگرە تاکو ئیلام بەرز کردونەتەوە و کانونی ئەم موقاومەتە لە زنجیرە چیا سەر بەرزەکانی قەندیل , شکستی سیاسەتەکانی سازشکارانە و بێ کردەوەیی جەریاناتێک کە بە ئیعتباری بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد هەروا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن , سەڵماندووە . ئیمە لە ژمارەکانی داهاتوو دا سیاسەتەکانی جەریاناتی موجود لە ناوچەکە و تەعسیراتی ئەو لە سەر بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد هەڵدەسەنگێنین .

**كۆماری فیدراتیوی شووراییی ئێران كە لەیەكگرتنی دڵ خوازانەی كرێكاران و زەحمەتكێشانی ناوچەكان، نەتەوەكان و فەرهەنگە جۆراوجۆرەكان پێك دێت، مافی دیاریكردنی چارەنووسی نەتەوەكان تاكو سەربەخۆیی یان، بەرەسمی دەناسێت.**

# ساڵی ڕابردوو و ساڵێك كە لە پێش دایە !

## بەبۆنەی ساڵی نوێی زائینی 2012

یەدی شیشەوانی

ساڵی زائینی 2012 تێپەر بوو . ساڵێك كە لە زۆر بواردا گۆڕانكاری بێ وێنەی بەخۆوە دێت . قەیرانی ماڵی گەورە كە لە گەورەترین وڵاتی سەرمایەداری جیهان دەستی پێ كردە بوو لە ساڵی ڕابردوو سەرە ڕای هەوڵ و كۆششی زۆر كە بۆ بەرگری كردن لە پەرەساندنی ئەو كرا بوو , جگە لە خاڵی كردنی گیرفانی كۆمەڵانی زەحمەتكێش و پەرەساندنی هەرچی زۆرتری قەیران ئاكامێكی تری بەدواوە نەبوو . قەیران لە ساڵی ڕابردوو نە تەنیا كەم نەبوو بەڵكو بەرەبەرە وڵاتانی تری سەرمایەداری گرتەوە . ئاسەوارەكانی ئوروپای گرتەوە وولاتانی كەمتر گەشە كردووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بێ بەش نەكرد . بەڵام گەورە بوونی قەیران و ناچارە سەری ئەو بێ هێزی سیستەمی سەرمایەداریشی ئاشكرا كرد و بووە هۆی وشیاری زیاتری خەڵك و تێگەیشتنی ئەوان لە هۆكارەكانی هەژاری , ناعەدالەتی , شەر و برسیەتی . لە ساڵانی ڕابردوو دا بۆ یەكەم جار بزووتنەوەكانی خەڵكی كۆمەڵایەتی توێژەكانی بیچ بەشی كۆمەڵگا لە درگای قەڵای سەرمایەداری وەك سەر چاوەی هەموو چارەڕەشی خۆیان كۆتان .
ساڵی ڕابردوو بزووتنەوەی گرتنی واڵ ئیستریت , داواكاریەكانی تر و ئارمانەكانی تری لە گەڵ خۆی هێچنا , ئارمانەكانی یەكسانی خوازانە و سوسیالیستی , و لە ماوەیكی كورت دا جیهانی گرتەوە . ساڵی 2011 شاهیدی بزووتنەوەكانی مەزنی كۆمەڵایەتی لە وڵاتانی عەرەبی بووین . ئەو حاكیمانەی كە لە سەرەتای ساڵەوە هەرگیز بروایان نەدەكرد تاكو كۆتایی ساڵ بڕووخێن . لە ساڵی 2011 دا قەیران , خۆپیشاندان , مانگرتنەكان و ڕاپەرینەكانی خەڵكی هەم لە ئوروپا و هەم لە وڵاتانی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردێری گرینگترین ڕۆژنامە و ئامرازەكانی ڕاگەیاندنی گشتی جیهان بوون . سەرە ڕای زۆر تایبەتمەندیەكانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و مەزهەبی كە وڵاتانی ئەمریكا , ئوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە یەكتر جیا دەكاتەوە , بەڵام لە هەر دوولا , نارەزایەتیەكان نەتەنیا دەسەڵاتی سیاسی حاكیم , بەڵكو چینی حاكمیشی بردە ژێر زەبرەوە . بەم حالەیش دا قەیرانەكان و مانگرتنەكان و نارەزایەتیەكان و سەرهەڵدان و ڕاپەرینەكانی گشتی زەحمەتكێشان هێشتا ڕێگا حەڵی دڵخوازی خۆی نەدۆزیوەتەوە .ساڵی 2012 چاوەڕوانە تا لە بەستەری خۆیدا شاهیدی چارەسەری كام یەك لە كەسەڵەكانی كۆمەڵایەتی , ئابووری و سیاسی ئاڵۆزی ئێستا بێت . نیشانەكان نیشانی دەدەن كە ئەمسالیش قەیرانەكان , نارەزایەتیەكان , مانگرتنەكان و ڕاپەرینەكان دیسان سەر دێری گرینگترین ئامرازەكانی ڕاگەیاندنی گشتی دەبن .
ساڵی ڕابردوو لە وڵاتانی سنووری یورۆ قەیرانی دراو بۆ قەیرانی ئابووری و نەگەڕانەوەی قەرزەكانی سەر سوورهێنەری دەوڵەتەكان بە بانكەكان ... ئەمانە هەموویان هاوكات بوون لەگەڵ قەیرانی مەوجودیەتی یەكێتی دراوی ئوروپا , پەرەساندنی قەیرانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسی , دەركردنەكانی بە كۆمەڵ لە سەر كار , دابەزینی توانای شت كرینی خەڵك , كەم كردنەوەی ئاستی حەق دەسەكان لە كاتی گرانی , لابردن و یان كەم كردنی ئاستی خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی , بردنە سەرەوەی تەمەنی خانەنشین و لە ئاكام دا پەرەساندنی نارەزایەتیەكان ,خۆ پیشاندانەكان و شۆڕشەكانی سەر شەقام و مانگرتنەكانی گشتی كە هێندێك جار بووەتە هۆی ڕووخانی دەوڵەتەكانی حاكیم لە هێندێك لە وڵاتان , لە كۆتایی ساڵدا نە نیشانەیەك لە لاواز بوونیان نەبوو بەڵكو تاكو ساڵی 2012 یش درێژەی هەبوو بە بێ ئەوەی كە ئاسۆیێك بۆ چارەسەری ئەوان لە كورت خایەن دا هەبێ .
لە ساڵی 2011 دا لە وڵاتانی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لوتكەی ئەفریقا بزووتنەوەكانی كۆمەڵایەتی خەڵكی بە دژی سیستەمەكانی حاكیم بە سەر ئەم وڵاتانە بووە یەكێك لە ڕووداوەكانی سیاسی بەر چاوەی جیهان هەرچەند كە گوشاری ڕاپەرینەكانی یەك بەدوای یەكی خەڵكی هێندێك لە دیكتاتورەكانی ڕووخاند و یان مەجبووریان كرد لە دەسەڵات لابچن , بەڵام لە هەلومەرجی نەبوونی جەریانێكی بە هێزی شۆڕشگێر , دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەداری و لە سەرەوەی ئەوان ئیمپریالیزمی ئەمریكا وەزعەكەیان كونترۆل كرد و پێش لەوەی كە بزووتنەوەكانی كۆمەڵانی خەڵك بتوانن خۆیان ڕێك بخەن بە گۆڕینی مورەكانی دەست پەروەردەی خۆیان بزووتنەوەی كۆمەڵایەتی ئازادی خوازانە و یەكسانی خوازانەیان بەلاڕی برد . جەریاناتی ئیسلامی كە زۆربەی ئەوان

لە لایەن ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتانی دواکەو تووی ناوچەکە تەجهیز کرا بوون لە سازش لە گەڵ حاکیمانی پێشوو لە جەریانی « هەڵبژاردنەکان » لە دەسەڵاتدا بەشدار کران و بەم شێوەیە ماشینی دەوڵەتی وەک خۆی بمێنێتەوە.

چ کەسێک هەیە کە نەزانێ لە ڕژیمەکانی دیکتاتوری ئەگەر مەجاڵ نەدرێتە خەڵکی ڕاپەڕیو تا خۆیان ڕێک بخەن و لە ڕێگای چالاکی ئازادانەی پێشڕەوانی خۆیان ، ئاستی ڕێکخستن و تێگەیشتنی خۆیان ببەنە سەرەوە ، سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکانی دوور اە ڕاستی جگە لە حاکیمانی پێشوو و جەریاناتی مەزهەبی کە دەرفەتی ڕێکخستن و ئیمکاناتی سوار بوون بە سەر خەیالات و گومانەکانی خەڵکیان هەیە ، کەسێکیتر نیە ؟ بەڵام مەسەلە بریتیە لە ئەمەی کە : ئایا حاکیمانی بەروالەت نوێ کە بەدەستیوەردانی سیاسی و هێرشی نیزامی هێزەکانی دەرەکی و یارمەتیەکانی بێ دریغی ماڵی و تەسلیحاتی ئەوان و بە پاڵپشتی بە ماشینی دەوڵەتی حاکیم ، دەسەلاتیان بە ناوی کۆمەڵانی خەڵکەوە بە دەس گرتووە ، هەرگیز دەتوانن و ئامادون داواکاریەکانی ئازادیخوازانە و یەکسانی خوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش وەدی بهێنن ؟ ئاوایە کە سەرەڕای ڕووخانی دیکتاتورەکان ، بزووتنەوەکان هەروا بەردەوامن و قەیرانی ئابووری و سیاسی لەم ولاتانەیش هەر وەک جاران لە ساڵی 2012یش درێژەی هەیە . لە ساڵی نوێ دا هەموو شت پەیوەندیی بە ئەمەیە کە ئایا بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی ، سوسیالیست و چەپ و دیموکراتیک دەتوانن خۆیان ڕێک بخەن و وەک نوێنەرانی ڕێکخراوی چینی کرێکار ، زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و هێزی ئەسلی خۆی لە ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێر و چینایەتی کۆ بکاتەوە و یەکگرتوویان بکات و لە قازانجەکانی چینایەتی خۆیان و دۆست و دوژمنانی خۆیان تێیان بگەیێنن یان نە و بە پێچەوانەوە بە توزێک ڕیفورمی فریوکارانە ، درگا بە سەر پاشنەی پێشووی خۆی دەسووڕێ ؟ ساڵی ڕابردوو سەر هەڵدانیکی ترمان بینی . سەرهەڵدانی بزووتنەوەی « occupy wall street » بزووتنەوەیێک کە لە جەرگەی نارەزایەتیەکانی گشتی سەری هەڵدا . وەک ساڵانی ڕابردوو و وەک هەمیشە و جاروبار شاهیدی ئەو لە ولاتانی پێشکەو تووی سەرمایەداری بووین ، لە ڕابردوویش دا هەر جار و بە وتەی پیشینان « مەتە بە هێزتر دەبێ ) نارەزایەتیەکانی گشتی لە لایەن لاوانی بێچکار و خوێندکاران لە خۆپیشاندانەکان و شورشەکانی ناو شار بە یان دەبوو . بەڵام ئەمەیان بە ڕاستی شتێکی نوێ بوو . نە لە ئەو بوارەدا کە ئێستا کە بە بڕوای ژمارەیەک لە ڕوشنبیرانی « مارکسیست » گوایە لە مە بە دواوە جیهانی سەرمایەداری بە دەستی ئەم لاوە نارازیانە ئەم ڕوو بە ڕوو دەبێ و بە وتەی سوسیالیستەکانی پاکانە کەر ، چی تر پێویست بە چینی کرێکار و حیزب و ڕێکخستنی ئەو و تیئوری شۆڕش و شۆڕش و ... نیە! بەڵکو لەم بوارە دا کە ئێستا کە بزووتنەوەی ئەم لاوانە کە دەروونیان پڕە لە جیاوازی و دژایەتی ، ئەم جارە ڕێک ئامانجی پێکاوە . تازە پاش 160 ساڵ لە بلاو بوونی مانیفستی کۆمۆنیست ، ئەم بزووتنەوە نارەزایەتی گشتیانە بە تایبەت نارەزایەتیەکانی توێژەکانی بەرێزی مام ناوەندی و خوارەوەی وردە بورژوازی ئێستا کە تێ دەگەن کە هۆکاری دەرد و ڕەنجی جار و باری ئەوان نە خودا و پەیغەمبەر و نە قەزا و قەدەر بەڵکو ئەو بوتەیە کە ڕۆژێک هەزار جار لە بەرانبەری دا سوجدە دەکەن . وەک کرێکارانی ژێر ستەم و چەوساندنەوەی بەردەوامی سەرمایەداری کە بەرەو سوسیالیزم ڕوومان کردووە خۆشحالین کە ئەم بەشە لە دیکی کراوانی بورژوازیش ئێستا کە لە خەون هەستاون و بە بێ گومان لە هەر شوێنێکدا هەستن و هەر جار کە ڕاپەڕن ، چینی کرێکار بە خێر هاتنی ئەوان بۆ سەنگەری خەباتی دژی سەرمایەداری دەکات . هێشتا دەبێ چاوەڕوان بوو و ببینین تاکو هەستان و دابەزینی دەروونی ئەم توێژە ناوەڕاستانە ئەوانی بەرەو کام لایەن دەبات و لە ساڵی 2012 بە سازی کام چین سەما دەکەن . جێگای هیوا و ئومیدە کە هێشتا یەک یان دوو ڕۆژ لە ساڵی نوێی زائینی تێپەڕ نەبووە کە بزووتنەوەی واڵ ئیستریت لە ئەمریکا بە مانگرتنەکانی کرێکاران لە هوڵەند و نارەزایەتیەکانی گشتی لە یونان ، مەجارستان ، ئاڵمان ، ئیسپانیا ، پورتغال یەکیان گرتووتەوە و ڕایدەگەینن کە « بانکەکان گیرەویان وەر گرتووە و داری حەراجیان لە ئێمە داوە » . هاتنی بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی بۆ ناو گۆڕەپانی خەبات لە ساڵی نوێ بەو شێوەیە هەیە کە دەڵی ئەیانەوێ زاڵ ببنە سەر خێرایی قەیران و ئەمساڵ بە جیددیەتی زیاتر و وەری شۆڕشگێڕانە بەرزتر بچنە پەیکاری قەیرانەوە .

مەسەلەی تری گرینگ ، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایی لە عێراق . هەڵبەتە سەرەڕای مانەوەی زیاتر لە بیست هەزار هێزی ئەمریکایی لە گەڵ دە هەزار کارمەندی

بالوێزخانەی ئەم ولاتە لە عێراق کە لە سیر تا پیازی ئەو وڵاتەیان لە ژێر کونترۆڵدایە ناکرێ ناوی کشانەوەی کامڵی هێزەکانی ئەمریکایی لە عێراق ناوی لێ بنین و ئیدیعا کرد کە سەرکردەی ئیمپریالیستەکان کلکی لە سەر پشتی داناوە و لە عێراق هەڵاتووە ! بەر ئەوەی کە سەرەرای نفوزی یەکجار زۆری هێزەکانی ئەمریکایی لە پێکهاتی (( دەسەلاتی سیاسی و ئابووری عێراق , ئەمریکا هێشتا پێگەکانی خۆی لەم وڵاتە بۆ دەرەوە نەگواستووتەوە و هێزەکانی زیادی خۆی لە عێراق کشاوەتەوە و لە پێگەکانی کویت کۆیان کردووتەوە و پێگەکانی زۆری لە عەرەبستان ,ئوردون , قەتەر , بەحرین , ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و عومان وەك ستادەکانی زنجیرەیی هێزەکانی دەریایی , زەمینی و ئاسمانی گەورەترین هێزی نیزامی جیهان بەردەوام حازر و ئامادەن . بەڵام لە هەر ئم ژمارەیە کە راگەیاندراوە کە هێزەکانی ئەمریکایی لە عێراق پاشەکشەیان کردووە , بە بێ گۆمان لە گەڵ شەپولێك لە هەرج و مەرج لە عێراق هاوکات دەبێ . قەوم و عەشیرەتەکان و مەزهەبەکانی جیاواز کە لە ژێر سەر نەیزەی هێزی نیزامی ئەمریکا پێکەوە رێککەوتو بوون , هەر کام و بە نۆرەی خۆیان سەر بە دەوڵەتەکانی دواکەوتووی ناوچەکان و ئەم جارەیان لە بەرانبەر یەکتر ڕاوەوستن. بە کشانەوەی ئەمریکائیەکان , تەقینەوەی دەیان بومب لە گەڵ دەیان کوژراو و بریندار و هەلاتنی جێگری سەروک کۆماری (( تاریق هاشمی )) بۆ ناوچەی هەریمی کوردستانی عێراق و لە سنووری کوردستان لە گەڵ ئێران و تورکیە و سوریە و ... نیشانەدەری وەزعیەتی زۆر سست و لاوازێکە کە وانەیە سەقامگیری سیاسی عێراقی لەوەی کە ئێستا کە هەیەتی خراپتر بکات . بەڵام لەم گیراودراوە دا ئامرازەکانی ئاگەیاندنی گشتی لە ئەمریکا و ئوروپا بە بچووك نیشان دانی رووداوەکان و کردەوەکانی ئەرتشی ئەمریکا لە ناوچەکە و لە ئەفغانستان و پاکستان (( خەتەر ))ی بەرنامەی ئەتومی ئێران بۆ ئاشتی و سەقامگیری جیهان لە زورنا ئەدەن . لە حاڵێکدا ئاژانسی وزەی ئەتومی هێشتا بەڵگەی لەم بارەوە روو نەکردووە , بە دوای گەورە کردنی خەتەری ئێران بۆ سەقامگیری و ئەمنیەتی ناوچەکە , کۆماری ئیسلامی بە پلانی کوشتنی بالوێزی عەرەبستان لە ئەمریکا تومتبار کرا . بە دوای ئەو دا لە 15ی دیسامبەری 2011 , ژورژ دانێل , دادوەری فیدراڵی ئەمریکا , ئێران بە بەشدار کردن لە تیرورەکانی 11ی سیپتامبەری 2001 تومتبار کرد و رایگەیاند کە ئێران تەجهیزاتی پیویست داوەتە ئەلقاعیدە . هاوکات لە گەڵ تومەتانە , تووند کردنی گەمارۆی ئابووری , تەحریمی بانکی مەرکەزی و پەسەند کردنی رێکەوتنامەی ئوسوڵی یەکیتی ئوروپا بۆ تەحریمی کرینی نەوت لە ئێران و ... لە ماوەیکی کەم و یەك بە یەك دوای یەك بووە هۆی سەرنج راکیشانی هەموو جیهان بۆ لای ئێران و بە لە بەرچاو گرتنی تەعسیراتی تووند کردنی تەحریمەکان و تەحریمی بانکی مەرکەزی و تەحریمی کرینی نەوت ( لە حاڵەتێکدا کە بە کردەوە دەر بێت ) , قەیرانی ئابووری و سیاسی زیاتر و رووداوەکانی کۆمەڵایەتی و مانگرتن و نارەزایەتیەکانی خەڵکی لە ئێران زیاتر پەرە دەستینێ . شتێك کە نە تەنیا بە دڵی کۆماری ئیسلامی نیە و دەس دەداتە سەکوت و فریوکاری زیاتر , بەڵکو تا ئەو جێگایە کە رادیکاڵ و بەراستی دیموکراتیك و سەربەخۆ بێت ( سوسیالیستیش با نەبێت ) بە دڵی هێزەکانی گەورەی سەرمایەداری و لە سەرەوەی ئەوان ئیمپریالیزمی ئەمریکایش نیە . ئەوان و هەروەها دەوڵەتانی دواکەوتووی ناوچەکە لە ئاوا گۆرانکاری شۆرشگێرانە لە ئێران کە دەتوانێ وەك بەرق و با لە سەر هەموو ناوچەکە تەعسیر دابنێ , تووشی ترس و هەراس بوون . لە لایکەوە بە لە بەر چاو گرتنی لاواز بوونی رێکخستن و تێگەیشتنی توێژ و چینەکانی تێگەڵی لە خەباتدا , بەتایبەت چینی کرێکار و پێشرەوان و کادێرانی ئەوان کە بە هێزترین چین لە پەیکارەکانی کۆمەلایەتی دەژمێر درێ , ئێستا کە ئەم پرسیارە پێش دێت کە ئایا لە ساڵی نوێ بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی لە ئێران و لە سەرەوەی ئەواندا بزووتنەوەی کرێکاری , لە ئاوا تێگەیشتن و رێکخستن و جەنگاوەری بە هرەمەند دەبێ کە کۆماری ئیسلامی برووخینێ و چارە نووسی خۆی دیاری بکات ؟ یان بە وتەی هەمووان (( پاش سوریە نۆرەی ئێرانە )) و چینی کرێکار و کۆمەلانی زەحمەتکێشی خەڵکی ئێران لە ساڵی 2012 یش خۆیان بە دەم با دەدەن .

**سوسیالیزم ژیانێکی جیهانی بەرەسمی دەناسێت کە لەوێ دا سنوورەکان مانایکی یان نیە.**

**ئیمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان وەك کۆمەڵگای ئینسانین، بەڵام نە لە ریگای زۆر و ستەم، بەڵکو لەسەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد.**

# مارکسیزم و چەمکی نەتەوەیی

له ئەدەبیاتی مارکسیستی ، چەمکی نەتەوە جێگەی تایبەت بە خۆی هەیە . ئەمە لەو کاتەی سەرچاوە دەگرێ کە لە مەودای یەک سەدە و نیوی ڕابردوودا خەباتی چینایەتی لە زۆربەی وڵاتان لە گەڵ خەباتی نەتەوەیی تێکەڵ بووە . مارکس و ئەنگلسیش کە هەمیشە بەرەو پێش بردنی خەباتی شۆڕشگێرانە لە پاڵ پەرەپێدانی تیئۆری شۆڕشگێرانە ڕەچاو دەکردن ، زۆر خێرا بەرچاو گرتنی مەسەلەی میللی و دیفاع لەوێ بۆ بەدەس هێنانی دەسەڵاتی سیاسی پرولیتاریا بە گرینگ زانین . لە بارەی گرینگی خەبات بۆ ڕزگاری میللی لەهستان , ئەنگلس دەڵێ « سەرەتا دەبێ ڕزگاری نەتەوەیی لەهستان وەدی بێت , بۆ بەدەس هێنانی هەرجۆرە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی , هیچ نەتەوەیێک ناتوانێ جگە لە ڕزگار بوون لە سوڵتەی بێگانە , لە سەر مەسەلەیێکی تر بیر بکاتەوە . بزووتنەوەی نیونەتەوەیی کرێکاران تەنها لە بەستەری هاوئاهەنگی خەڵکانی ئازاد دەتوانێ گەشە بکات » مارکسیش لە بارەی مەسەلەی میللی لە ئیرلەند دەڵێ کە تا کاتێک کە خەڵکی ئیرلەند لە زنجیری بورژوازی بەریتانیا دیلە , چینی کرێکاری بەریتانیا ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات . لە گەڵ پەرەساندنی بزووتنەوەکانی نەتەوەیی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم , ئەدەبیاتی مارکسیستی , مەسەلەی میللی لە هەڵومەرجی نوێ ئەو هەڵسەنگاند . نووسراوەی هاورێ ئیستالین لە ساڵی 1913 لە ژێر ناوی « مارکسیزم و مەسەلەی میللی » لە ڕاستی یەکەمین نووسراوەی مارکسیستی سیستەماتیک لە بارەی مەسەلەی میللی یە . پاشان واتە بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتوبەر, لینین لە کونگرەی دووهەمی کۆمینترن تزەکانی مێژوویی خۆی لە بارەی مەسەڵەی نەتەوەیی پێشکەش کرد کە تاکو ئەمڕۆ ئەرزشی وەک خۆی ماوەتەوە . ئێمە لەم کورتە نووسراوە تێدەکۆشین تاکو بە کەڵک وەرگرتن لە ئەدەبیاتی مارکسیستی - لینینیستی ، باسەکانی سەبارەت بە مەسەڵەی نەتەوەیی هەڵسەنگێنین .

نەتەوە هاوبەشی هەمیشەئیە لە ئەو مرۆڤانەی کە بە هۆی هۆکارەکانی مێژوویی تێکەڵاو بوون و لە سەر ئەساسی زمان ، نیشتمان , ژیانی ئابووری و بنیاتی ڕۆحی هاوبەش کە لە غالبی فەرهەنگی هاوبەش ڕەنگدەداتەوە , پێک دێت . ئاشکرایە کە نەتەوە وەک هەر دیاردەیێکی تری مێژوویی لە یاسای گۆڕانکاری پەیڕووەوەی دەکات و بۆ خۆدی خۆی مێژوو و سەرەتا و کۆتایی ی هەیە . دەبێ بلین کە هیچ کام لەو نیشانانەی کە ئاماژەمان پێ کرد بە تەنیایی ناتوانێ نەتەوە تاریف بکات . نەبوونی یەکێک لە نیشانەکان ئەوە دەگەیێنێ کە نەتەوە چی تر نەتەوە نیە . ئەگەر چی بە درێژایی مێژوو نەتەوەکانی جۆراوجۆر پێک هاتوونو هێندێکیش لە ناو چوون ، بەم حاڵەیش نەتەوە نوسخەیێکی مێژوویی بۆ هەموو دەورانەکان نیە و لە گەڵ پەرەساندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری دا , ڕەوتی کۆ بوونی خەڵک وەک نەتەوە خێراتر بوو و بۆ یەکەم جار لە مێژوو دا , مەسەڵەی میللی وەک یەکێک لە گرفتەکانی مەزنی کۆمەڵایەتی خۆی نیشاندا . هۆکاری سەرەکی خێرا بوونی پێکهاتنی نەتەوە , بورژوازیە . بابەتی سەرەکی بۆ بورژوازی تازە پێ گرتوو ئامانجی بورژوازیئەمەیە کە کەل و پەلی خۆی بنێرێتە بازار و سود و قازانج بە دەس بهێنێ و لە کێ بەرکێ لە گەڵ بورژوازی نەتەوەی تر سەرکەوتن بە دەس بێنێ . هەر بۆیە تێ دەکوشی بازاری میللیس خۆی بۆ خۆی دابین بکات . «بازار » یەکەمین مەکتەبێکە کە بورژوازی لەوێدا فێری ناسیونالیزم دەبێ .

سەرمایەداری لە حاڵی پەرەساندن و گەشە کردنی دا دوو گەرایشی مێژوویی لە ناو خۆیدا پەروەردە دەکات .

1-هوشیار کردنەوەی ژیانی میللی و بزووتنەوەکانی میللی و خەبات بە دژی هەر جورە ستەمی میللی

2-پەرەساندن و زیاد و بوونی پەیوەندیەکانی نیونەتەوەیی لە شێوەکانی جۆراجۆر دا , ڕووخانی گرفتەکانی نەتەوەیی , پێک هێنانی یەکگرتنی نیو دەوڵەتی سەرمایە , ژیانی ئابووری بە شێوەی گشتی , سیاسەت , زانست و ... هتد .

ئەم گەرایشانە خۆیان یاساکانی گشتی سەرمایەداری دەژمێدرێن . ئەکەمیان لە سەرەتای پەرەساندنی سەرمایەداری لایەنی زاڵی هەبووە و دوومیان تایبەتمەندی سەرمایەداری گەشە کردوو و پەرەساندووە کە لە حاڵی پەرەساندنە بەرە و کومەڵگای سوسیالیستی .

یەکگرتنی نیو دەوڵەتی سەرمایە , یەکگرتنی نێو نەتەوەیی کار پێویست .بزووتنەوەکانی نەتەوەیی , تایبەت بە هیچ وڵاتێک نیە , لە هەموو جیهانی دا سەرکەوتنی سەرمایەداری بە سەر دەرەبەگایەتی , لە گەڵ بزووتنەوەکانی نەتەوەیی هاوکات و تێکەڵ بووە . لە گەڵ بەرهەم هێنانی کەڵوپەلی دا بازاری ناوخۆیی دەبێ بە دەستی بورژوازی

داگیر بێت و یەکگرتنی دەوڵەتی ئەو سەرمایانەی کە دانیشتوانی بە زمانێکی وەک یەک قسە دەکەن عەمەلی بکریت و لەو کاتەیش دا هەر جورە ڕێگریک لە سەر ڕێگای پەرەساندنی ئەم زمان و پتەو بوونی ئەو لە دەبیات هەڵبگیردرێ . ئەساسی ئابووری بزووتنەوەکانی نەتەوەیی لە ناو ئەم مەسەڵەیە شاراوەیە . زمان گرینگترین ئامرازی تێکەڵاو بوونی مرۆڤە .یەکبوونی زمان و پەرەساندنی راحەتی ئەو یەکێکە لە گرێنگترین مەرجەکانی ئاڵوگۆڕ پێکردنی بازرگانی ئازادی ڕاستەقینە ، بەربڵاو و گونجاو لە گەڵ سەرمایەداری هاوچەرخ و یەکێک لە گرینگترین مەرجەکانی دەستەبەندی ئازاد و بەربڵاوی دانیشتوان وەک ژینەکانی جیاواز لە یەکتر و لە کۆتایی دا پەیوندی پتەوی بازار لە گەڵ بەرهەم هێنەرانی ورد و گەورە , فرۆشیار و کریارە .

ئەگەر چی لە بواری مێژوویی بورژوازی میللی یەکێک لە هێزەکانی سەرەکی بزووتنەوەکانی میللی بووە و بە زۆری ڕێبەری ئەم بزووتنەوەانەی کردووە , بەم حاڵەیش لە مەودای یەک سەدەی رابردوودا بە هۆی گەشە کردن و پەرەساندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و زاڵبوونی ئیمپریالیزم لە گرینگی و نفوزی بورژوازی لەناو بزووتنەوەکانی میللی کەم بووەتەوە ئەمرۆکە هێزی ڕاستەقینەی هەر بزووتنەوەیکی میللی لە چینەکانی خوارەوەی ئەو واتە پرولیتاریا , جووتیاران و وردە بورژوازی شار پێک دێت . ڕادەی ڕێبەری و نفوزی پرولتاریا لە بزووتنەوەکانی نەتەوەیی گرێ دراوەتە ئاستی پەرەساندنی دژایەتیەکانی چینایەتی , تێگەیشتن و ڕێک خراو بوونی پرولتاریا . پرولتاریای تێگەیشتوو و ڕێکخراو بەشداری لە بزووتنەوەکانی نەتەوەی بە مەبەستی بەدەس هێنانی ڕێبەری ئەوان بە ئەرکی خۆی دەزانێ . بەڵام بەشداری جووتیاران لە بزووتنەوەی نەتەوەیی زیاتر پەیوەندی هەیە بە چونیەتی زەخت و گوشارێک کە بە سەریاندا دێت . هێندێک جار هەیە کە بورژوازی دەتوانێ بزووتنەوەی نەتەوەیی دا پرولیتاریا بکیشتە ژێر ئالای خۆێدا و لەو کاتە دا خەباتی نەتەوەیی لە ڕواڵەتدا لایەنی گشتی بەخۆوە دەگرێ , بەڵام ئەمە تەنیا لە ڕواڵەتدایە و بەس .

ئەم خەباتە لە ناوەرۆکی خۆێدا هەمیشە بورژوازی دەمینێتەوە . لە ئاوا هەلو مەرجیچێک ئەگەر پرولیتاریا نەتوانێ ڕیزی سەربە خۆی , خۆی بپارێزی , ڕزگاری نەتەوەیی لە ژیر سوڵتەی ئیمپریالیزم قەد سەر ناگرێ و بورژوازی بەکەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی خۆی بە تەمای پەرە پێدانی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری دەبێ . بەڵام لەوەی کە نووسیمان, هەرگیز نابێ وا تێ بگەین کە پرولیتاریا نابێ بە دژی سیاسەتی زوڵم و ستەم بە سەر نەتەوەکان خەبات نەکات . سیاسەتی زەخت و گوشارەکانی ناسیونالیستی بەر بەستەکانی زۆری بۆ خەباتی سیاسی پرولتاریا پێک هێناوە . سیاسەت سەرنجی توێژەکانی بەربڵاوی خەڵک لە مەسەڵەکانی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی بەرەو لای مەسەڵەی میللی , واتە مەسەلەێک کە بۆ پرولتاریا و بورژوازی هاوبەشە , ڕادەکێشی . و ئەم بابەتە دەرفەتیچکی باش بۆ بورژوازی دەرەخسێنی تاکو لە بارەی ( هاوئاهەنگی قازانجەکانی پرولتاریا و بورژوازی حەرف و حەدیس بلێت و سەدێکی گەورە لە سەر ڕێگای بەرز بوونەوەی ئاستی تێگەیشتنی چینایەتی پرولیتاریا دروست بکات . هەروەها کێ بەرکێەکانی ناسیونالیستی کە بورژوازی خەریکی تەبلیغی ئەوانە , بەربەستی جیددی لە سەر ڕێگای یەکگرتنی کرێکارانی هەموو نەتەوەکان دروست دەکات . هەر بۆیە پرولیتاریای تێگەیشتوو ئەرکی زۆر قورسی لەم بارەیە لە سەر شانە . ڕوون و ئاشکرایە کە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا شێوە و شێوازەکانی جۆراوجۆری ستەمی نەتەوایی هەیە . ئەم جیاوازیە لە توندی و لاواز بوونی دیموکراسی لە ناو نەتەوەکانی جیاواز سەر چاوە دەگرێ . لە وڵاتانی ژێر سوڵتە دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی چینەکانی تایبەت کۆ بووەتەوە . هەرچی دەسەڵات و هێزی خاوەن زەویەکانی ئەریستوکرات لە ناو حاکمیەت دا زیاتر بێت , زەخت و گوشار لە سەر نەتەوەکانی کەمینە توندتر دەبێ . باڵەکانی ئیمپریالیستی و سەرمایەدارانی ناوخۆ سەر بە ئەوان بە هۆی سرووشتی چینایەتی خۆیان , بۆ کۆ کردنی دەسەڵات و بڵاو پێ کردنی هێزەکانی خەڵکی , بە شێوەیکی سرووشتی لە گەڵ ختوەن زەویەکانی ئەریستوکرات یەکگرتوو دەبن . لە هێندێک قۆناغێکیش توێژەکانی تریش هاوکاری خاوەن زەویەکان دەکەن . ئەم توێژانە بریتین لە : 1. وردە بورژوازی , 2. بەشێک لە روناکبیران , 3. توێژی مورەفەی چینی کرێکار کە لە بەرهەمی تالانی سەرمایەداری سوود وەر دەگرن .

لە وڵاتانی سەرمایە داری سەر بە ئیمپریالیزم ستەمی نەتەوایەتی بە شێوەیک خۆی نیشان دەدات ؟

ئەو کاتەی کە ئیمپریالیزم لە ئیستعماری کۆن دەچێتە قۆناغی ئیستعماری نوێ , ناعەدالەتیەکانی ئابووری , سیاسی و

فەرهەنگی لە وڵاتانی ژێر سوڵتە تووندتر دەبێ . ئیمپریالیزم ئابووری و فەرهەنگی ئیستعماری لە وڵاتانی ژێر سوڵتە جێ نشین ئابووری و فەرهەنگی میللی ئەوان دەکات و بەم شێوەیە سەنعەتەکان و بەرهەمەکانی میللی و فەرهەنگی خەڵک لە ناو دەبات و بۆ خۆی کونترۆلی دەکات .

لەم هەلومەرجە دا خەڵک ناچارن کەلوپەلەکانی ئیمپریالیستی بە کار بهێنین و لە بەر ئەوەی کە بازارەکانی ئەم وڵاتانە لە لایەن کەلوپەلەکانی ئیمپریاتلیزمەوە داگیر کراوە و چینی دەسەلاتداریش وەک نوێنەری نەتەوەی زاڵ دەناسرێ , بۆیە ستەمی نەتەوایەتی بە تووندی هەر چی تەواوتر بە دژی نەتەوەکانی ژێر دەستە بەرێوە دەچێ . بەم شێوەیە لە وڵاتانی ژێر سولتە , کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵکانی ژێر دەستە , دووچار دەچەوسێندرینەوە , چەوسانەوەی نەتەوەیی و چەوسانەوەی چینایەتی . لەم ناوەدا نە تەنیا ئیمپریالیزم , بەڵکو سەرمایەدارانی سەر بە ئیمپریالیزمیش لە سەرکوتکردنی خەڵک سوود وەر دەگرن و جێ پێ خویان قایم دەکەن . لە ئاوا هەلو مەرجێکدا خەباتی خەڵکان بە دژی ئیمپریالیزم و چینی چەوێنەری دەسەڵاتدار تایبەتمەندی دیموکراتیک و دژی ئیمپریالیستی بە خۆوە دەگرێ . رۆڵی چینی کرێکار لە پەیوەندی لە گەڵ بزووتنەوەکانی نەتەوایەتی چیە و بەرنامە و ئامانجی کەم چیە ؟

سرووشتیە کە بورژوازی لە سەرەتای دەسپێکردنی هەر بزووتنەوەیکی میللی وەک فەرمانرەوای ئەو بزووتنەوەیە خۆی بنوێنێ و تەبلیغی هەموو تێکۆشانە میللیەکان بکات . بەڵام پرولیتاریا لە بارەی مەسەڵەی میللی تەنیا تا ئاستی میللی و یەکێتی نەتەوەکانی هەموو ولاتان و نەتەوەکانی وڵاتێک بە قازانجی مافەکانی نەتەوەکان و بە قازانجی دابین کردنی باشتیرین و گونجاوترین زەمینەکان بۆ پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی پشتیوانی لە بورژوازی دەکات . هەر بۆیە پرولیتاریا لە بەرانبەر « پراتیسم »ی بورژوازی لە سیاسەتێکی ئوسوڵی لە مەسەڵەی میللی پەیرەوی دەکات و هەمیشە و بە تایبەت بەشێوەیکی مەرجدار لە بورژوازی پشتیوانی دەکات .بورژوازی لە بزووتنەوەی میللی ئیمتیازات و مەزیەتەکانی دیاریکراو بۆ نەتەوەی خۆی داوا دەکات . ئەم بابەتەیە کە « پەراتیک بوون » دەناسرێ . پرولیتاریا نەیارە لە گەڵ هەر جۆرە ئیمتیاز و هەر چەشنە لیەنی تایبەت . پرولیتاریا لە بەرانبەر دا لە یەکسانی و بەرابەری هەموو نەتەوەکان لایەنگری دەکات و پرولیتاریای هەموو نەتەوەکان بە یەکگرتن و کۆ بوون لە ڕێکخراوی شۆرشگێر ( حیزبی چینی کرێکار ) بانگەواز دەکات .

پرسیارێک کە زۆر جار لە بارەی مەسەڵەی میللی دەگاتە مێشکی مرۆڤ ئەمەیە کە ئایا نەتەوەیکی ژێر دەستە مافی جیابوونەوەی هەیە یان نە ؟ئەگەر چی ئوسوڵی گشتی مارکسیزم – لنینیزم لە مافی چارەی خۆ نووسینی نەتەوەکانی ژێر دەستە تاکو سەر بە خۆیی ئەوان پشتیوانی دەکات و یان بە واتایێکی تر مارکسیستەکان هەرگیز ئیجازە نادەن کە نەتەوەکانی تر لە ژێر سوڵتەی زۆرە ملی بورژوازی نەتەوەی زاڵ بمێنیتەوە . بەم حاڵەیش دا باسی مەسەڵە کە بەشێوەیکی گشتی گرفتێک چارەسەر ناکات . دەبێ ئەم پرسیارە لە هەلومەرجی تایبەت بە ئەو روو بکەین . مارکسیستەکان هەمیشە یەکگرتنی دڵخوازانەی نەتەوەکان تەبلیغ دەکەن . ئەوان لە هەر جیابوونەوە و سەر بە خۆئیەک پشتیوانی ناکەن . مارکسیستەکان ناتوانن لە جیابوونەوەی میللی کە بە رێبەرایەتی هێزەکانی دواکەوتوو و بە زەرەری کۆمەڵانی زەحمەتکێش روو دەدات لایەنگری بکەن . بۆ مەسەڵەی میللی کانالێکە بە مەبەستی پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی ,لە بەر ئەوەی کە لە دوا هەلسنگاندندا بزووتنەوەکانی میللی هیچ جۆرە ئەرکێک لە رزگار کردنی راستەقینەی خەڵکانی ستەم لێکراویان بورژوازی هەموو کات داخوازیەکانی میللی خۆی لە پێش هەموو داخوازیەکانی دادەنێ و بە بێ هیچ مەرجێک داخوازیەکانی خۆی گڵاڵە دەکات . بۆ پرولیتاریا ئەم داخوازیانە لە قازانجەکانی خەباتی چینایەتی پەیرەوی دەکات . لە باری تیئوری ناتوانین لە پێش دا تەزمین بکەین کە ئایا ئەم سەربەخۆیی نەتەوەیە کە شۆرشی بورژوا – دیمکراتیک دەگەێنیتە کۆتایی خۆی یان بەرابەری یەکسانی مافەکانی ئەو نەتەوەیە لە گەڵ نەتەوەکانی ترە کە ئەم شتە مومکین دەکات .

ئەو شتەی کە لە هەر دوو لاوە بۆ پرولیتاریا گرێنگە توند بوون و پەرەساندنی خەباتی چینایەتیە . بەڵام بۆ بورژوازی گرێنگ ئەمەیە کە لە سەر ڕێگای ئەم پەرەساندنە موشکلە دروست بکات و ئەرکەکانی بخاتە پەراوێزی ئەرکەکانی میللی . بەڵام پرولیتاریا لە بەرانبەر دا بە گڵاڵە کردنی ئەسڵی مافی چارەی خۆ نووسینی نەتەوەکان لە لایەن خۆیانەوە و پەیوەندی ئەو لە گەڵ خەباتی سەرانسەری هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان , لە راستی دا خەباتی دژی ستەمی نەتەوایەتی تا ئاستی خەبات بە دژی ئیمپریالیزم و دواکەوتوویی ناوخۆیی بەرز

دەکاتەوە . لەو جێگایە دا کە خەبات بۆ دابین کردنی مافی نەتەوەکان لە گەڵ خەباتی دژی ئیمپریالیستی و چینایەتی پێکەوە بستراوە و تا ئەو کاتەی کە سوڵتەی ئیمپریالیزم لە ناو نەچێت و چینەکانی چەوسێنەر لە دەسەلاتدا مانەتەوە , ستەمی نەتەوایەتی لە ناو ناچێت . پرولیتاریا سەرە رای خەبات بۆ مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارە نووسیان , ئەم ئامانجە بۆ خۆی دیاری کردووە کە کۆتایی بێنێتە سیاسەتی ستەمکارانە بە سەر نەتەوەکاندا , ئەوی نامومکین بکات و بەم شێوەیەدا بەر بە شەر و ناکۆکی نێوان نەتەوەکان بگرێ . جیاوازی ئەساسی لە نێوان ئەم سیاسەتە و سیاسەتی بورژوازی کە تێ دەکۆشی پەرە بداتە گەورەیی خەباتی نەتەوایەتی و درێژە بە جوولانەوەی میللی بدات و لە کونترول دەری بکات , لە مەیایە ز هەر بۆیە پرولیتاریای تێگەیشتوو ناتوانێ لە ژیر ئالای « نەتەوایەتی » بورژوازی کۆ بێتەوە . مافی نەتەوەکانە ژیانی خۆیان بەو شێوەیە کە دلخوازی خۆیانە هەڵبژێرن و مافیان هەیە کە هەر کام لە دامەزراوەکانی میللی خۆیان لە باش و خراپ بگرە بپارێزن . هیچ کەسێک بە زۆرە ملی ناتوانێ لە ژیانی نەتەوەکان دەستێوەر بدات . بەڵام ئەم مەسەلە نابێتە هۆی ئەوەیکە پرولیتاریای تێگەیشتوو بە دژی داکەزراوەکانی خراپی نەتەوەکان , بە دژی هەر جۆرە داواکاری بێ سوودی نەتەوەکان خەبات , تەبلیغ و تەرویج نەکات . بەڵکو بە پێچەوانەوە , ئەرکی ئەوە ئەمەیە کە ئەم خەباتە وردە , ئاشتی خوازانە و رەخنەگرانە بە شێوەیێک بەرێوە ببات کە ئەم نەتەوانە ژیانی خۆیان بەشێوەیێک بەرێوە ببەن کە بە باشترین شێوە لە گەڵ قازانجەکانی پرولیتاریا ڕێک بخرێ. تەسلیم لە بەرانبەر بیروبۆچوونەکانی بەلارێ چووانە , دامەزراوەکانی خراپ و داواکاریەکانی بێ سوودی نەتەوەکانی ژێر دەستە و بە دوا چوونی ئەوان هیچ جۆرە نزیکی نیە لە گەڵ مارکسیزم – لنینیزم دا . لە کۆتایی دا دەبێ ئاماژە بە ئەوە بکەین کە بە گشتی دا لە بەر ئەوەیْ کە زارە نووسی بزووتنەوە میللی لە ناوەرۆکدا بورژوازیە , بۆیە بە شێوەیێکی سرووشتی پەیوەندی هەیە بە چارە نووسی ئەو چینە . لە ناو چوونی یەکجاری بززوتنەوەی میللی تەنها و تەنها بە رووخان و لە ناو چوونی بورژوازی مومکین دەبێ و ئاشتی تەواو لە نێوان نەتەوەکان تەنیا بە حاکمیەتی سوسیالیزم بە قەرار دەبێ . بەڵام لە چوارچێوەی سەرمایەداری دا دەبێ بە لایەن دار کردنی خەباتی میللی بەرەو لای خەباتی چینایەتی زەرەرەکانی بۆ چینی کرێکار تا ئەو جێگایە کە مومکینە کەم بکەینەوە .

## کشتار کولبران کرد توسط ارتش فاشیست ترکیه را قویا محکوم میکنیم !

شب گذشته هواپیماهای ارتش فاشیست ترکیه در ادامه حملات جنون آمیز و جنایتکارانه علیه مردم بیدفاع کرد ، کولبرانی را که کالاهایی نظیر شکر و سوخت را به قاچاق از کردستان عراق به کردستان ترکیه حمل میکردند مورد حمله قرار دادند و طی این اقدام ضد انسانی بیش از 35 تن از این افراد زحمتکش کشته شده و تعدادی نیز بشدت مجروح گردیدند . ارتش جنایتکار ترکیه اقدامات ضد انسانی خویش بر علیه زحمتکشان کرد را با عملیات برعلیه چریکهای حزب کارگران کردستان PKK همواره توجیه نموده اند . عملیات جنایتکارانه و وحشیانه دولت ترکیه علیه مردم زحمتکش کرد و چریکهای رزمنده آنها هرگز در اراده آنها برای مبارزه علیه جنایت و توحش حاکمان بر ترکیه خللی وارد نخواهد ساخت . رژیمهای جنایتکار ترکیه و ایران روزی نیست که کولبران زحمتکش را آماج حملات بیشرمانه خویش قرار ندهند .

ما ضمن محکوم نمودن چنین عملیات ضد انسانی توسط ارتش فاشیست ترکیه بر علیه زحمتکشان بیدفاع کرد ، خود را در غم و اندوه بازماندگان قربانیان شریک میدانیم . و افکار عمومی را به موضع گیری جدی در برابر چنین اقدامات جنایتکارانه ای فرا میخوانیم !

**زنده باد اتحاد و همبستگی بین المللی**

**زنده باد سوسیالیسم**

**سرنگون باد رژیم جمهوری اسلامی ایران**

**برقرار باد جمهوری فدراتیو شورایی ایران !**

**سازمان اتحاد فدائیان کمونیست**

**کمیتۀ ایالتی کردستان**

**2011/12/29**

گۆڤاری
پەرەسیلکە
پاشکۆی ڕێگای گەل تایبەت بە تازە



# بە بۆنەی یەکەمی ژانویە ساڵوەگەری شۆڕشی کوبا !



لە پیش چاوی جیهانی سەرمایەداری دا و لە ناو جەرگەی قەرارگەی ئیمپریالیسم لە ڕێکەوتی یەکەمی ژانویەی 1959 دا شۆڕشێک سەرکوت کە ئاکامی ساڵەها خەباتی چەکدارانی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو .شۆڕشێک کە مۆری لە سەر ڕاستی و دروستی شۆڕشێک کە مۆری لە سەر ڕاستی و دروستی مێژوویی داکوتا , کە ئەگەر چی مێژوو لە یاساکانی دیاریکراوێک پەیڕەوی دەکات , بەڵام ئەمە مرۆڤەکانن کە بە کردەوە و چالاکی خۆیان لە چوارچێوەی یاساکانی کۆمەڵایەتی مێژوو دروست دەکەن ز و ئەمە کرێکاران و زەحمەتکێشانن کە بە بریاری مێژوو ئەرکی بەر پاکردنی کۆمۆنیکی تر بەئەستوو دەگرن . کۆمۆنێکی سەرکەوتوو و لە ناو جەرگەی ئمپریالیزمی ئەمریکا , بەڵێ کوبا ! لە حاڵێکدا کە ئەحزابی ئوپورتۆنیست و ڕیفورمیستی کۆنی کوبا بە شی کردەنەوە و لێکدانەوەی کتێبی و بی کردەوەیی ئەواو دا بوونە خزمەتکاری بورژوازی و چاویان لە بەزەیی و ڕەحمی باتیستای بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دا بوو , کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوبا لە ناوخۆ و ئەرتشی گەریلا لە دەرەوەی شار بە ڕاپەرین و هێرشی هاوکات و حەماسی خۆیان شاری هاوانا واتە بنکەی سەرەکی دواکەوتوویی و ئیمپریالیزمیان ئازاد کرد و باتیستای بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمیان لە گورستانی مێژوو ناشت . شۆڕشی کوبا سەرکەوت لە بەر ئەوەی کە خەڵکێک ستەم لێکراو و چەوساوە لە ئەوپەری نالەباری ئابووری تێدەکۆشان بو گۆڕانکاری شۆڕشگێرانە و بنیات نانی کۆمەڵگایکی نوێ . شۆڕشگێران بە لێکدانەوەی مارکسیتی ڕوون و تایبەت لە هەلومەرجی کوبا و بەرز بوونەوەی شۆڕشگێرانە بە کردەوەی شۆڕشگێرانەی خۆیان بی کردەوەیی ڕیفورمیستیان تێک شکاند و ئەرتشی دریکی کارنامەێک بۆ وەشاندنی دوا زەبری کوشندە بە دواکەوتوویی و ئیمپریالیزم ڕێک خشت .

ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە لە ناکاودا ڕووبەڕووی زەبرێکی کوشندە بوو , لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا لە هیچ پیلانگێری و جنایەتێک دریغی نەکرد . بەلام تەواوی ئەم دەستێوەردانانە گەشە کردنی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵگای کوبای خێراتر کرد . کردەوەکانی ئیمپریالیزم و لە بەرانبەری دا بەر پەرچ دانەوەی شۆڕشگێرانە , ڕەوتی گۆڕانکاریەکانی خێراتر کرد و خەڵکی سەربەرزی کوبا بە ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیست کە لە جەرگەی شۆڕش دا دامەزرا بوو لەم تاقیکردنەوەیە بە سەر بەرزی سەکەوت . بە دوای هەر هێرشێکی ئیمپریالیزم و پاش هەر گۆڕانکاری شۆڕشگێرانە هەمیشە ڕێکخستنی خەڵکی و پەروەردە و فێر کردنی سیاسی لە جەریاندا بوو .سەنگەرەکانی نیزامی , ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی دواکەوتوویی و ئیمپریالیزم یەک و دوای یەک تێک شکان و ئەرتشی خەڵک ( میلیشیاکانی چەکدار ) دامەزرا و ئابووری بە پێ بەرنامە لە سەر ئەساسی پیویستیەکانی کۆمەڵایەتی لە جێگای ئابووری لە سەر ئەساسی بازار و قازانج پەیرەو کرا . خەباتی بی وەچان بە دچی نەخۆێندەواری , نەخۆشی , هەژاری و فەرهەنگی ڕزیوی سەرمایەداری دەستی پێکرد و دەسکەوتەکانی شۆڕشگێرانە بە دەس هات . لە جێگای حوکم کردنی ژمارەیەک چەوسێنەر و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم , کۆمەلانی خەڵک خۆیان یاسادانەر و بە جێ بە جێ کەری سیاسەتەکانی شۆڕشگێرانەی خۆیان بوون و کوبای شۆڕشگێر نەتنها مایەی پشت گەرمی شۆڕشگێرانی قارەی ئەمریکا و شوێنەکانی تری جیهان بوو , مانەوەی ڕژیمەکانی دواکەوتووی ژێر دەستی خستە مەترسیەوە , بەڵکو لە ناو خاکی ئەمریکا و لە پێگەی دواکەوتوویی جیهاندا ورەی جەنگاوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی بەرز کردەوە .

لە ترسی ئەم گرکانە بەتینە بوو کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا ئەوەی کە لە توانا بوو وەگەر خست , لە گەمارۆی ئابووری بگرە تاکو هێرشی ڕاستەو خۆ بۆ سەر کوبا و تەنانەت هەڕەشەی بومبارانی ئەتومی تاکو ئەم گرکانە بکوژێنێتەوە . بەڵام خەڵکی کوبا و ڕێبەرانی بوێری ئەو کە پشتیوانی وڵاتانی سوسیالیست و کرێکاران و زەحمەتکیشانی جیهانی لەگەڵدا بوو بە باشی دەیانزانی بە چ

شێوەیک بەردەوای شۆرش و دەسکەوتەکانی ئەو بپارێزن و هێرشەکانی ئیمپریالیزم بەر پەرچ بدەنەوە .

نهێنی ئەم سەرکەوتنە لە تێک شکاندنی و لەنابردنی ئەرتش و دام و دەزگای بوروکراتیک بوو کە ئەساس و بناغەی سولتەی ئیمپریالیزم دەژمێردرا . کرێکاران و زەحمەتکێشان لە یەکەم رۆژەکانی شۆرش ئەم کارەیان ئەنجام دا و بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانیان ئەرتشی خەڵکیان دامەزراند کە فەرماندەکانی ئەو بریتی بوون لە چریکەکانی شۆرشگێر و لێهاتووی شەرەکانی پارتێزانی . زەوی , کارخنەکان , کانگاکان و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی ئیمپریالیستەکان و سەرمایەداران بە تەواوی زەوت کرا و درایە کۆمەڵانی خەڵک و بوو بە مڵکی کۆمەڵگا .ئابووری تاکە بەرهەمی گرێدراو بە دەرەوە بە هەوڵ و کۆشش و هێزی داهێنەری کۆمەڵانی خەڵک سەرەرای گیرو گرفتی زۆر تارادەیەک گۆرانی بە سەر دا هات و رێکخراوی ئابووری نوێی دامەزرا کە هاوکاری ولاتانی سوسیالیستی لە گەشە کردن و پەرەساندنی ئەمە رۆڵی بەرچاوی دەبینی . هەڵویست وەرگرتنی ئینترناسیونالیستی شۆرشگێرانە لە لایەن خەڵک و رێبەرانی کوبا , کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوبای لە پشتیوانی ئەرتشی مەزنی کرێکارانی سەرانسەری جیهان بەهرەمەند کرد . ئەو پشتیوانی و هاوپشتیانەی کە لە پاڵ بەرگری تەواوی خەڵکی کوبا و نەدەهێشت تاکو ئیمپریالیزم هێرشی مەرگباری خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ. کوبای شۆرشگێر لە سەرەتای دەسپێکردنی هەڵویستی ئینترناسیونالیستی لە بەرانبەر بزووتنەوەکانی شۆرشگێرانە وەرگرت. چوونی گیڤارا بۆ بولیوی بە مەبەستی بەشداری کردنی لە خەباتی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەو ولاتە کە گیانی لە سەر دانا و پشتیوانی مادی و مەعنەوی و نیزامی کوبا لە دەوڵەتەکانی شۆرشگێر نموونەکانی بەڵێنی دەوڵەتی ئەو ولاتە بە ئینترناسیونالیزمی پرولیتری دەژمێردری . سەرەرای ئەمانە کوبا وەک ولاتێک لە ئوردوگای سوسیالیزمدا , لە لادانەکانی رویزیونیستی زاڵ بە سەر ئەحزابی ولاتانی سوسیالیستی و بە تایبەت یەکێتی سۆڤیەت نەدەتوانی جیا بێت . لادان لە بنیانەکانی ئینترناسیونالیزمی پرولیتری کە لە لایەن سۆڤیەتەوە لە ژێر ناوکانی ( کێ بەرکێ ئابووری ) ( پێکەوە ژیانی ئاشتیانە ) و ( رێگای گەشە کردنی غەیر سەرمایەداری ) تیئوریزە دەکرا , لە سیاسەتەکانی بەکردەوەی ولاتانی سوسیالیستی رەنگی دایەوە و کوبایش لەم لادانەوە بێ تەعسیر نەبوو و نیە . نموونەی بەرچاوی ئەم لادانەوە دەتوانین لە پشتیوانی دەوڵەتی کوبا لە رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ببینین کە لە ئاستێکی زۆر متمانەی کوبای لە لای کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران کەم کردووتەوە . هەر بۆیە کرێکارانی تێگەیشتووی ئێران وێرای پشتیوانی و دیفاع لە شۆرشی کوبا لە بەرانبەر لادانەکانی رویزیونیستی کە نموونەیکی ئەو لە ستایش کردنی رژیمی دواکەوتوو و کۆنە پەرەستی کۆماری ئیسلامی رەنگی داوەتەوە , ناتوانن بێ هەڵویست بن .

**ئێمە وێرای ئەوەی کە مافی جیابوونەوە بە رەسمی دەناسین لە هەمان کاتدا لایەنگری نزیکترین یەکگرتنی کرێکارانی هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێی لە ئێرانین . بەڵام بە وردی بۆ ئەوەی کە ئەم یەکگرتنە ئازادانە و دڵخوازانە بێت پێویستە مافی نەتەوەکان بە شێوەیکی تەواو بە رەسمی بناسین . دوستی و یەکگرتنی ئێمە کرێکارانی نەتەوەکانی جۆربەجۆر لە خەباتی هاوبەش دژی سەرمایەداری وە دی دێت , نەک لە حاشا کردنی مافەکانی دیموکراتیکی یەکتر . بۆیە ئەم پروگرامی ئێمە بە لە بەر چاوگرتنی گەشەی مێژوویی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێراندا , دامەزرانی فیدراتیوی شوورائیش جۆرێك لە سەربەخۆیی و هەروەها شێوەیك لە تێ پەرین بەرەو یەکگرتنی ئازادانە و تەواو , پیشنیار دەکات . لە کۆماری فیدراتیوی شوورایی هەموو نەتەوەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بە بێ قەید و شەرت بڕیار بدەن کە لە کاتی پێ خۆش بوون لە ئورگانەکانی فیدراڵی شوورایی بەشداری بکەن و یان جیا ببنەوە .**

**ریگای گەل لە facebook**

**Www.facebook.com/regaygal**

ڕێکخراوی فیدائیانی کۆمۆنیست بە سوود وەر گرتن لە شێوەکانی دروست و ئوسوڵی و شۆڕشگێڕانە بەردەوام دەبێ بۆ نۆژەن کردنی ڕێکخراو , یەکگرتنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران , یەکگرتنی سوسیالیستەکان و هەموو ئازادیخوازانی ڕاستەقینە کە لە پێناو ڕزگار بوون لە زەنجیری زوڵم و چەوسانەوە و سەرکوت خەبات دەکەن .

ئێستا ڕێکخراوی ئێمە بە پاڵپشتی شێوازی ڕوون و دیاریکراو کە بەرهەمی هەڵسنگاندنی خاڵەکانی لاوازی و بە هێزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە بە پێ لێکدانەوە و پێدا چوونەوەی هەل و مەرجی ئێران و جیهاندا دارژرا و پەسەند کراون , بۆ وەدی هێنانی ئامانجی مرۆڤایەتی , ئازادی و سوسیالیزم خەبات دەکات و تێ دەکۆشێ تاکو بەرەبەرە و بە شێوەیکی ئوسوڵی و شۆڕشگێڕانە ئەو بەشانەی لە ڕێکخراو کە زەبریان لێ کەوتووە نۆژەن بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستە هەموو هاوڕیانی فیدایی و کۆمۆنیست بانگهێشت دەکات تاکو بێنە ناو ڕیزی ڕێکخراو و یارمەتی بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤایەتی .

## شعری از فدائی شهید

## رفیق مرضیه احمدی اسکوئی

نگاه کن ! تابش آفتاب

بر قله های بلند برف آلوده .

و نقش سپیدارها .

در برکه های کوچک جنگل .

چه زیباست ! وپرواز باد بر یونجه زارها

.

و بوی نمناک علفهای کنار رودخانه .

چه دلنشین ! نجوای آب .

با سنگریزه های جویبار و پیچ پیچ

برگهای چنار .

در سکوت بیشه های دور .

باران پائیز بر جاده های خیس .

رنگ گل آخر اسفند .

در دشتهای گرمسیری .

هرم کوهستان مس رنگ تابستان .

و عطر مرطوب بهار نارنج .

در فضای مه آلود نارنجستان .

و زیباست . درخشش قاطعانه آخرین

ستارگان صبحدم

آنگاه که در سرمای ملایم سحر .

از دامنه ها بسوی قله می روی .

اما آیا .

هیچ چیز زیباتر از پرواز گلوله ها .

از آتشین آشیان سلاح .

و نشست آن . در سینه سیاه دشمن .

وجود دارد ؟

خەڵکی قارەمان کرێکاران و هاوڕیانی خەباتگێر بە بەشداری و ناردنی بابەت ,

ڕەخنە و بیر و ڕای خۆتان یارمەتیمان بدەن لە پڕ بارتر کردنی گۆڤارە کەمان .

Kurdistan@fedayi.org

**ڕێگای گەل** ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی

کۆمۆنیست ئاخیری هەر مانگ بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دەبێ .

ئارشیوی ڕێگای گەل و ئاخیرین ڕاگەیاندراوەکان , بابەتەکان و هەواڵەکان

لە سایتەکانی خوارەوە وەرگرن .




www.fedayi.org

www.kare-online.org

کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !